# چۆنمان ببەخشن ؟

نووسینی حوسێن سەعیدی

لەخودا بەزیاد بێ ، ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا خاوەنی سێ تەلەفیزیۆن و دەیان رادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەرە. ئەگەر سرنجێکی ڕۆژانەی مێدیاکانی ڕۆژهەڵات بدەین ، جیاواز لە بیر وباوەڕیان لە یەک خاڵدا هاوپەیمان و دەسەخوشکن ئەویش کاڵ وکرچی و بێ پیزی بەرنامەکانە.
باس باسی ئەوەیە کە کێ باشە و کێ خەراپە، کامیان هەقن و کامیان ناهەقن، کامیان زووتر بیرۆکەی فیدرالیزمیان هێناوەتە گۆڕێ ، کامیان بەڕاستی کراسی دیکتاتۆری پرۆلتاریایان پربە بەژنە و کامیان هەر لە زووەوە ئیلهامیان بو نازڵ بووە کە سەروەری نەتەوەیی خەون و خەیاڵە.
بەشێک داخوازیی بەرەیەکی سنوور دار دەکەن ، بەشێک حازر نیین کە قودرەت دەگەڵ کەس بەش کەن . گۆڤارەکان بوونەتە خەبەرنامە، هیچ لێکدانەوەیەکی سیاسی بەپێزو دووربین کە بیروهەڵوێستی تازە بهاروژێنێ وەدی ناکرێ. سەیر ئەوەیە کە زۆربەی رابەران و بەرپرسانی ئەحزاب و گرووپەکان، نووسەران و بەڕێوەبەرانی رادیۆ و تەلەفیزیۆنەکان بەدەیان ساڵە کە لەوڵاتانی ئەرووپادا دەژین و زۆربەشیان شاروەندی ئەم وڵاتانن کە چی بۆچون و رادەی هۆشیاری بۆ لێکدانەوەی روداوەکان هەروەکوو جاریجاران ماوە .
ئەوان دەبینن کە ڕۆژانە لە مێدیای ئەم وڵاتانەدا چەند لێکدانەوەی بەپێز و بەهیز لە سەر رووداوەکانی دونیا دەنووسرێ بە کوردستانیشەوە. بەڵام سیاسەتمەداران و رۆشنبیرانی ئێمە بە چەپ و راستییەوە نەک هیج لێکدانەوە و شیکردنەوەیەک لەسەر بارودۆخی دونیا ناکەن بەڵکوو تەنانەت لەسەر کوردستانیش شتێکی ئەوتۆ لەهەمبانە بەتاڵەکەیاندا وەدی ناکرێ.
ئەوان رادەوەستن تا شتێک بقەومێ ئەوکات پسپۆڕە ناپسپۆڕەکانیان کە دەیان ساڵە هەر پسپۆڕن لەسەر رووداوەکە دەس بە باس وخواست دەکەن و بە لەبەرچاوو گرتنی بۆچوونی خۆیان کە دەگەرێتەوە بۆساڵانی شەست و هەشتاکان دەرخوارد بینەران و بیسەران دەدەن، دەڵێی تازە لە فریز دەرهاتووە.
ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ هەرهەمووومان وەکو مەڕی گێژمان لێهاتووە ، ڕۆحی شۆڕشگێریی ونیشتمانپەروەری لە دەمارەکانماندا شەختە لێیداوە و بەهیوای بگرمێنێ هەوری بەهاری.

**باشە !** با خەونی ئاڵۆزی ئەحزابی لێکبڵاوبووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە بەرکەت بێ لە لەتە مادەوە تا دیکتاتۆری پرۆلیتاریای تێدایە نەتوانرێ ئێستا بەدی بێ، بەڵام خۆ دەکرێ لە ئەرووپا کە دەیان هەزار کوردی ڕۆژهەڵاتی تێدا دەژی بەلانی کەمەوە چەند جار لەساڵدا لە هەمو وڵاتانی ئەرووپا خۆپیشاندان دژی رژیمی داگیرکەری عەجەم ودەرهەق بەو هەمو کوشتار و زیندان و بێ حورمەتییەی بەگەل و نیشتمان دەکرێ ئەنجام بدرێ.

**ئایا لە سەر ئەوەش ناتوانیین یەکگرتوویمان هەبێ ؟**

ئەوە شەرمێکی گەورەیە بۆ هەموومان کە لە سەر ئەو هەموو قڵاچۆکردنی دووژمن کە دژ بە کورد دەیکا بەوە بەسەندە بکرێ کە لەمێدیاکاندا تەنیا وەکوو خەبەر بڵاو بکرێتەوە و سەرزارەکی ئیدانەبکرێ بێ ئەوەی لەپراکتیکدا کارێک بکرێ.
لەبەر هەڵس وکەوتی تەسکی حیزبایەتی هیچ یەکگرتنێک وکاری هەرەوەرزی لە بەینماندا نییە. هەواڵی گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەی ڕۆڵە قارەمانەکانمان ببەرچاوومان‌دا هەر وەک هەواڵێک تێپەڕ دەبێ ، بێ ئەوەی خوێنی شەختە لێدراومان بەهەژێنێ.

داخ و کەسەر هەستی شۆڕشگێری و کوردایەتیمان پاییزە لێداوە و کش ومات و سڕە و هیچ کارەساتێک بەستەڵەکی لەش ناتاوێنێتەوە.

ئایا ئەحزابی سیاسی، رۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات قەت بیرلەوە دەکەنەوە کە کاتێ لاوانی قارەمانی ئێمە دەکەونە بەردەستی دووژمنی داگیرکەر چی بەسەر ژن و منداڵ و خانەوادەکان دێت؟
ئەوان سەرباری ئەشکەنجە و زەبرو زەنگی دووژمن بیری نەبوونی و دیل بوونی ماڵ و منداڵ و بێکەسی و بێدەرەتانیان سەد بەرابر ژان و داخ دەخاتە دڵیان تەنانەت ئەو بارودۆخە شوێنەواری خراپ لەسەر رادەی خۆڕاگری و بەرهەڵسکاری دەبەرابەر دووژمندا دادەنێ.
هەموومان دەبێ ئەوە باش تێبگەین  کە مێژوو، گەل و نیشتەمان و جیلی داهاتوو قەت کەمتەرخەمی و دەسەووستانی ئێمە نابەخشێ.

**با وابڵێم**
ئێمەی کورد لە ئەرووپا با تێکۆشان بۆ رزگاری کوردستان و حەولی وەدەرنانی داگیرکەری وڵاتەکمان  لەبیر خۆمان بەرینەوە و وجوودی موبارکمان نەخەینە عەزاب و زەحمەتەوە، بەڵام  ئایا ناکرێ، ناتوانیین هەرهەموومان پێکەوە ، ئەحزابی سیاسی ، تاکی سەربەخۆ ئەوەندە غیرەتی شۆڕشگێریی کۆنمان مابێ کە هەریەک لەمانگدا پارەی ڕۆژێکمان تەرخان پکەین بۆ بەدی هێنانی **فۆندێک** کە بتوانین بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بەردەوام یارمەتی کەس و کارو ژن و منداڵی شۆڕشگێرە بەندکراوەکانمان لە کوردستان بدەین .  و ئەگەر پێویست بوو پارێزەر لە ئەرووپا بگرین تا داخوازی یاسایی بەدژی داگیرکەر بەتاوانی کوشتنی شۆڕشگێران لەژێر ئەشکەنجەدا تۆمار پکەین.
ئایا ئەوەش ناتوانیین پکەین ؟ یا نامانەوێ و هەرکەس لەبیری ژیانی تەسکی تاکەکەسی و حیزبایێتی خۆیدایە. کاک سۆار ووتەنی: **پەڕۆی شینی سەرشانی دەریایە ژینی کەرێزی**

ئایا ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەڕاست یا بە درۆ ئاخ و داخیانە بۆ کورد و کوردستان، ناتوانن لەجیات ئەو هەمووە شەڕە دەندووکەیە و بوغزاندنی یەکتری بۆپاراستنی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایێتی و تاکەکەس پێشگام بن بۆ وەدیهێنانی ئەم فۆندە و پێشگام بن بۆ دانی گڕوتینی تازە بەلەشی ساردەوە بووی کوردانی ئەرووپا بۆ وەگرخستنی حەرەکەتی توندوتۆڵ و نەپساوە لە هەموو ئەرووپا دژ بە ڕژیمی بۆگەنی ئیسلامی؟
با ئەوان بێن ئەم بانگەوازە پکەن و هەر خۆشیان رابەر بن ، ئێمەش لەخزمەتیاندا دەبین.
یاخۆ ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەندە لە پرینسیپی شۆڕشگێرانە لایان داوە کە تەنانت کەم خەتەرترین و کەم خەرجترین حەرەکەتی مەدەنی لە ئەرووپاشیان بۆ زەحمەتە!؟

با باسی ئەوەی کە چۆن کورد رزگار پکرێ نەکەین، چۆنکە هەموومان باش دەزانیین کە لە خودا بەزیاد بێ ئا لەوەدا ئەحزابی ڕۆژهەڵات دەستێکی باڵایان هەیە، هەر لە لەتە مادەوە بیگرە هەتا خودگەردانی، خۆدموختاری، فیدرالیزم بە هەمو جۆرێکی، حەقی تەعییینی سەرنویشت(کە زێاتر لە حکاێتی شیردا بۆ داپیردا دەچێ) و هتد. تێیداە و کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترشە بەڵام ئایا ئەحزابی ڕۆژهەڵات جیاواز لە بۆچوونە جیاوازەکان ناتوانن لەسەر چەند خاڵی سەرەکی کە هەموویان بەڕاست یا بە درۆ هەمیشە دووپاتی دەکەنەوە وەکو:
**دیموکراسی، ئازادی تاکە کەس، پارلمانتاریزم و عەداڵەتی کۆمەڵایتی** یەکگرتوبن ؟

ئایا ناکرێ لەسەر ئەم چوار خاڵە بانگەواز بۆ پێک هێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بکرێ و رابەرایەتی بۆ دەسنیشان پکەن تا لە ڕووداوە چاوەڕوانکراوەکان و ئاڵوگۆڕی نەزۆر دووری ئێراندا گەلی کورد دیسان سەری بێ کڵاو نەمێنێتەوە.
ئایا ئەوەش ناکرێ ؟
ئەدی بۆ دەکرێ ئەوان دەگەڵ ئەحزاب و گرووپی ئێرانی کە زۆرینەیان دووژمنی حەرەکەتی ڕزگاری خۆازی گەلی کوردستان بوون و هەن کۆبوونەوە سازبدرێ و پەیمان و بەڵێنی برایەتی مۆربکرێ بەڵام دەگەڵ خۆمان نەتوانین لە سەر چوار خاڵ کۆک بین .

وڵاتەکەم ، قوڕبەسەر وڵاتەکەم کە ئەم ئەحزابە و ئێمە مانان پێشگام و پێشاهەنگی بین.
لە کۆتاییدا ، هەر چەند من پێم وایە کە کورد بیر(حافەزەی) مێژوویی نییە و کارسەات و ڕووداوەکان هەر زۆر زوو لە بیر دەکا و زمانی بۆ پرسیار و پرسینەوە گۆڵە لیداوە بەڵام ئەوەی ئەحزابی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردوستان دەیکەن وە ئەوەی ڕۆشنبیری کش ومات و ساردوسڕی کورد لە ئەرووپا دەیکا، قەت نابەخشرێ ، تەنانەت کەڕ و کوێریش هەستی پێدەکا.
گەلی کورد، ژن و منداڵ و دایک و باب و خوشک و برای شەهیدان و زیندانیان قەت نامان بەخشن.
ئەوە با هەمو لایەک باش بیزانێ.